بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# تاوانناسی



م.ی توانا عثمان محمدامین

قۆناغی سێیەم – كۆمەڵناسی

twanaosman357@Gmail.com

Mobile :07504859088


Criminology


CRIME
CRIMINOLOGY
THEORIES
THOUGHT
CRIMINAL
CONSIDERED
COMES
SCHOOLS
THINGS
CONTROL
PEOPLE
ORDER
AREA
BEGAN
SIDE
PLACE
WITHIN
INDIVIDUALS
POSITIVISTS
SCHOOL
SOCIETY
BEHAVIOR
GENERATIONS
HEDONISTIC
MAY
SOCIAL
PERSON
RATIONAL
CRIMINOLOGISTS
ENVIRONMENT
CAUSES
MAKEUP
BELIEVE

<u>تیۆرەكانی تاوانناسی :</u>

**١- تیۆرە فیسیۆلۆژییەكان- بایۆلۆجییەكان:**

بەگشتی تیۆرە فیسیۆلۆژییەكان-بایۆلۆژییەكانی تاوانناسی، بە تیۆری ناو تاقیگە زانستییەكان سەیر دەكرێن، ئەم تیۆرانە لەڕێگەی پشكنینی پێكهاتەی جەستەی تاوانبارەوە دروست بوون.

پێیانوایە هۆكارە **خودی** و **ناوەكییەكانی** تاك دەبێـتە هۆی تاوان؛ نەك هۆكارە **بابەتی** و **دەرەكییەكان.**

چەندین تیۆری فیسیۆلۆژی هەن، لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند تیۆرێكی بەناوبانگ بخەینە ڕوو.

**یەکەم- پێکهاتەناسی- Physiognomy :**

واتا تێگەیشتن لە سروشت و پێکهاتەی کەسێك کە ئایا بەها، ڕەفتار، ڕەوشت... ی کەسێك چۆنە لەڕێگای تێبینیکردن و سەیرکردنی پێکهاتەی جەستەیەوە.

بیرمەندی ئیتاڵی **دی لا پۆرتا** گوتی مرۆڤ شێوەی لە چی بچێت ڕەفتاری بەو شێوەیە، ئەگەر سەری بچوك بێت لە ڕێوی دەچێت و فێڵبازە، ئەو کەسانەی قەڵە و ورگنن، وەك بەراز ڕەفتار دەکەن، ئەوانەی دەنگیان گەورەیە؛ بێ ئەقڵن و وەك گوێ درێژ ڕەفتار دەکەن...

**دووەم- کاسە سەرناسی- Phrenology**

ئەم زانستە تایبەتە بە زانینی زیرەکی و سروشتی تاك لەڕێگەی **کاسەی سەریەوە**، لایەنگرانی ئەم زانستە پێیانوایە، ڕەفتاری مرۆڤ لەلایەن دەماغییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و هەبونی گرفت لە دەماغ دەبێتە هۆی ڕەفتاری هەڵە و تاوانکاری.

فرانز جۆسیف گاڵ، کاسەسەر ناسی ئەڵمانی لە 1800 کتێبێکی بڵاوکردەوە، گوتی: ناڕێکی لە مێشك و بەناڕێکی کارکردنی بەشەکانی مێشك، سەرچاوەی تاوانە.


**سێیەم- لۆچناسی:**

- هەر لەناو تیۆرە فیسیۆلۆژییەکان؛ هەندێك زانا تاکەکانیان بەپێی **لۆچی ناوچاوانیان** پلەبەند دەکرد

- هەریەك لەو لۆچانە ناوی خۆیان هەبوو و دروستبونیان بۆ هۆکارێك دەگەڕاندەوە.

- بۆنمونە: ئەگەر لۆچی یەکەم و دووەم هەبن، ئەوە کەسێکی تورەیە و بەهۆی تورەبونەوە تاوان دەکات.

- ئەگەر یەك لۆچ لە ناوچەوانی هەبوو، ئەوە کەسێکی فێڵبازە و لەکاتی مامەڵە بەرامبەری دەخەڵەتێنێت.




- ئەگەر سێ لۆچ لەناوچاوی هەبوو ئەوە کەسێکی دڵڕەقە.

**پێنجەم: تیۆرەکەی لۆمبرۆزۆ:**

ئەو توێژینەوەی لەسەر (کەلەسەر، ئێسك، پەنجە، کێشی دەماغ،...) کرد، و میتۆدی ئەزمونگەری و بابەتی بەکارهێنا، پاشان لە بەندیخانە توێژینەوەی لەسەر بەندکراوەکان کرد؛ و پاش 12 ساڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی لە کتێبێکدا بەناوی(مرۆڤی تاوانبار) The criminal Man لە ساڵی 1876 بڵاوکردەوە.

ئەم کتێبە ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد. لەو ماوەیەدا توێژینەوەی لەسەر(5907 )، جەستە کرد.

لۆمبرۆزۆ لە تیۆرەکەیدا دەڵێت: **دزەکان**، کەللە سەریان بچوکە، چرچ و لۆچ لەپێستی سەریان هەیە و جیاوازە لە پێستی سەری مرۆڤی ئاسایی، دەمیان گەورەیە، گوێچکەیان پانە، ناوچاویان قۆقزە بۆ پێشەوە، ئێسکی ڕومەتیان بەرزە، لوتیان کەمێك خوارە، کونی لوتیان فراوانە، ددانەکانی پێشەوەیان نارێکە، دەستیان درێژە و پێیان بچوکە.

**بکوژەکان**؛ ناولەپی دەستیان گەورەیە.

**ژنانی تاوانکار** موی جەستەیان زیاترە لە ئافرەتە ئاساییەکان.

- ئەوان لە چارەیان نوسراوە تاوان بکەن، گۆڕینی ژینگەکەیان ڕێگەچارە نییە بۆیان.

- ناتوانین ڕێگەیان لێ بگرین و تاوان نەکەن؛ چونکە تاوان دیاردەیەکی سروشتییە لای ئەوان.

- ئەو دەڵێت: **مرۆڤی سەرەتایی** بەسروشتی خۆی تاوانبار بووە، بە تێپەڕینی کات بەمەدەنی بووە و گلاند و جەستەی گۆڕاوە.

- بەڵام مرۆڤی تاوانکار، هەر نەگۆڕاوە و هەر مرۆڤە سەرەتاییەکەی جارانە و پێکهاتەی جەستە و مێشکی لە مرۆڤی سەرەتایی دەچێت؛ تاوانکاران بەم شێوە و جۆرە جەستە لەدایك دەبن.

## جۆرەکانی تاوانکار لای لۆمبرۆزۆ:

### ١- تاوانکاری بەزگماك - Born criminal :

- ئەم مرۆڤانە لەگەڵ لەدایکبونیاندا خەسڵەتی تاوانکارییان تێدایە.

-چارەسەر ئەوەیە ئەم مرۆڤانە بەیەکجاری بۆ دورترین شوێن دوربخرێنەوە تاکو کۆمەڵگە ڕزگاری بێت لێیان.

- یان بۆ هەتاهەتایە بەند بکرێن و لە ژێرچاودێری دابنرێن، بەڵام لە هەموو ڕێگایەك باشتر ئەوەیە بکوژێن و کۆمەڵگە ڕزگاری بێت لێیان.

**٢- تاوانکاری شێت:**

- ئەم جۆرە تاوانکارە بەهۆی ناتەواوی و شێتییەوە تاوان ئەنجام دەدات.

- واتا ئەگەر شێت نەبوایە مەترسیدار نەدەبوو.

- ئەمانە باش و خراپ لەیەکتری جیاناکەنەوە و دەبێت لە نەخۆشخانەی دەرونی چارەسەر بکرێن.

- ئەگەر چارەسەر نەکرا دەبێت لە کۆمەڵگە دووربخرێنەوە، لۆمبرۆزۆ ئەم جۆرە تاوانکارە دابەشی سەر سێ جۆری تردەکات:

**أ- تاوانکاری شیزی**: کەسانی وەك شیزۆفیرینیا و پارانۆیا دەگرێتەوە، ئەمانە لە ئەقڵیاندا کێشە هەیە.

**ب- تاوانکاری فێدار:** ئەمانە نەخۆشی فێ و پەرکەمیان هەیە، ئەگەر چارەسەر نەکرا دەبێتە نەخۆشی ئەقڵی و مەترسیدار دەبن.

**ج- تاوانكاری سایكۆپاتی:**

- نەخۆشییەكی دەروونییە و تاك ناتوانێت لە بەها ئەخلاقییەكانی كۆمەڵگە تێبگات.

- لەئەنجامدا توشی لادان و سەرپێچی دەبێت، ڕەچاوی ئامانج و پێوەرەكانی كۆمەڵگە ناكات.

- ئەم كەسانە منی باڵایان گەشەی نەكردووە.

- بێ هەستن و هەست بە گوناه و شەرم و ترس و دڵەڕاوكێ ناكەن كاتێك تاوان ئەنجام دەدەن.

- هیچ مافێك بۆ هیچ كەس دانانێن جگە لەخۆیان.

- ناتوانن پەیوەندی سۆزداری و خێزان دروست بكەن.

- هەندێكیان پەنا دەبەنە بەر بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان هەتا هەست بە ئارامی دەرونی بكەن.

**٣- تاوانکاری سۆزاوی:**

- ئەوانە ملکەچی هەستی هەڵچونن.

- تاوان دەکەن بێ ئەوەی پێشتر پلان و بەرنامەیان بۆ دانابێت.

- ئەمانە بەهۆی هەڵچون و تورەییەکی لەناکاو تاوان ئەنجام دەدەن و پەشیمان دەبنەوە پاش ئەنجامدانی تاوان و دەچنەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆیان، دەرون و ویژدانیان ئازاریان دەدات.

- لۆمبرۆزۆ دەڵێت: سزادانی ئەم جۆرە تاوانبارانە سودی نییە و باشتر وایە سزا نەدرێن.

- تێکەڵی خەڵکی خراپ نەکرێن و بەرنامەی پەروەردەیی و چاکسازییان بۆ دابنرێت.

- ئەمانە دەبێت لە ژینگەی تاوان دوربخرێنەوە و قەرەبوی ئەو زیانە بکەنەوە کە داویانە.

- بڕیاری سزادانیان تەنها دەبێت بۆ ترساندنیان بێت و لەسەریان نەچەسپێ.

**٤- تاوانکاری بەرێکەوت:**

ئەمانە هیچ ئارەزویەکی تاوان ناکەن بەڵام بەهۆی کەمی ئامۆژگاری و خراپی پەروەردە و ژینگەی کۆمەڵایەتی توشی تاوان دەبن.

یان بەهۆی پاڵنەری خۆدەرخستن تاوان ئەنجام دەدەن.

لۆمبرۆزۆ دەڵێت زیندانیکردنی ئەمانە زۆر خراپە چونکە تێکەڵی تاوانبارە مەترسیدارەکان دەبن و ئەزمونی ئەوان وەردەگرن.

چونکە لە بنەڕەتدا ئەمانە پەروەردەیەکی خراپیان بووە، باشترە ئەمانە دوور لە ئاوەدانی یان لەناو کێڵگەیەڬ کاریان پێبکرێت و قەرەبوی ئەو زیانە بکەنەوە کە داویانە.

**٥- تاوانکاری خونەریت (ڕاهاتووە تاوانبار):**

- ئەمانە بەهۆی دەوروبەر و پاڵنەری دەرەکی و لاسایکردنەوە ئەنجامدانی تاوان دەکەن بە خونەریت و فێری دەستدرێژی دەبێت بۆ سەر خەڵك.

- ئامانە دەبێت سزا بدرێن و بەند بکرێن، دەبێت فێری چاکە بکرێن و بە ڕەوشتی باش گۆشبکرێن.

- ئەگەر سودی نەبوو دەبێت لە کۆمەڵگە دوربخرێنەوە.

- بەزۆری تاوانەکان بریتین لە دزی بۆیە تاك دەبێت فێری پیشە و پسپۆڕییەك بکرێت تاکو دوای زیندانی کردن بتوانێت خۆی بژیەنێت.

- لامبرۆزۆ تیۆری خۆی سەبارەت بەمرۆڤی تاوانبار، ڕاستەوخۆ لەسەر بیرۆکەی داروینی بونیاد نابوو.

- بەڵگەی ئەوەش، قسەی خۆیەتی کە دەڵێت: مرۆڤی تاوانباری ئێستا تەنها مۆدێلێکە بۆ مرۆڤی کۆن.

- بەجۆرێک کە هەڵگری سیفەتە جەستەییەکانیەتی.

- کە لە ڕوونترین ئەو سیفەتانەدا، کە دۆزراونەتەوە لە یەکێک لە تاوانبارەکان، کە بۆشایی لە پشتەوەی ناوچاوانی هەیە کە بەهەمان ئەو شێوەیەیە کە لە مەیمونەکاندا هەیە.

# بەهیوای سەرکەوتن

